بافە تاڵەبانی: سەرکەنەی ئەم تاوانانە دەکەین کە ئیسرائیل دەرحەق بە هاوڵاتیانی مەدەنی دەیانکات

بافە تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوخەمی لە کوژرانی حەسەن نەسروڵا، ئەمینداری گشتی حیزبوڵای لوبنان دەربڕی و لە بەیاننامەیەکی سەرخۆشی نوسیویەتی، بەخەمەکی قووڵەوە، هەواڵی شەهیدکردنی سەماحەتی سەید حەسەن نەسروڵا ئەمینداری گشتی حیزبوڵای لوبنانیمان پێگەیشت.

بافە تاڵەبانی دەشڵێت: لە کاتێکدا سەرخۆشی لە خانەوادەی شەهید و گەلی لوبنان و مسوڵمانان و هاوڵاتیانی شەهید دەکەین بەهۆی ئەم کەستە گەورەیەوە، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە ڕێی یاسایی و مرۆیی خۆی بگرێتە بە ڕاگرتنی ئەم خوێنرشتن و دەستدرێژیانە بە سەر فەلەستین و لوبنان و ناوچەکە.

هەروەها داوا لە هەموولایەنەکان دەکەین تا ئۆپۆی دانبەخەداگرتن ئارام بگرن تا ناوچەکە لە جەنگێکی فراوان بەدووربگیرێت، هەروەها سەرکەنەی ئەم کارو تاوانانە دەکەین کە ئیسرائیل دەرحەق بە هاوڵاتیانی مەدەنی و تیرۆرکردنی سەرکردەکان دەیانکات.

لە کۆتاییدا بافە تاڵەبانی نوسیویەتیئ: خوای گەورە لە شەهیدەکان خۆشبێت و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بە بریندارانی دەخوازین.